کوژرانی سەرکردەیەکی داعش لە سوریا



ئەمە هەینی، دەزگای دژە تیرۆر کوشتنی بەناو والی (ولایەتی خەیر و بەرەکە)ی تاقمی تیرۆریستی داعش، لەگەڵ دوو هاوڕێکەی، لە شاری حەلەبی سوریا ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوەکی دژە تیرۆردا هاتووە ، "بە پشتبەستن بە زانیاری و هەوڵە ئەمنی و هەواگرییەچەکانی قارەمانانی دەزگای دژە تیرۆر، هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئۆپەراسیۆنەکی فڕۆکەیان لە قوڵایی ناوچەی کەماری عەرەبی سوریا، بە تایبەتی لە پارێزگای حەلەب ئەنجامدا. لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەدا ،کوژرانی یەکەک لە سەرکردە هەرە مەترسیدارەکانی داعشی تیرۆریستی لەکەوتووە، لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "بەپێی زانیارییە دروستەکان، ئەو تیرۆریستە پێشتر پەستی (والی سەر بە پارێزگای فورات و ئەندامی لیژنەی وەفدکراو)ی بەدەستەوە بووە و لە ئێستادا بەناو والی (ولایەتی خەیر و بەرەکە)ی گروپی تیرۆریستی داعش، ئەو ئامانجەکی ئاستی یەکەم و چالاک و زۆر کاریگەرە، هەروەها دەزگای هەواگری دژە تیرۆریش دەستگیریکردووە،لەسەر فەرمانی دەستگیرکردن کە لەلایەن دادوەرەکی دەزگای دژە تیرۆرەوە دەرچووە".

لە بەیاننامەکەدا دووپاتی کردەوە کە "هێزە ئەمنییەکانمان و هەوە هەواگرییەکانیان بەردەوامن لە

ئەرکە ستراتیژییەکانیان بە بەدواداچوون بە پاشماوەی گروپە تیرۆریستییەکان، چ لە چوارچێوەی سنوورە نیشتمانییەکان و چ لە قووڵایی هێشە دەرەکییەکان".